# کاریگەری جیاوازییە زمانییەکان لە ستانداردکردنی زمانی دایکدا

**د.کاروان عومەر قادر/ زانکۆی سلێمانی/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ سکوڵی زمان _ بەشی کوردی**

**دەستپێك:**

لە زۆرێك لە گفتوگۆ پاراو و ناپاراوە زانستی و نازانستییە هەمەچەشنەکاندا مەترسی چەمکی (جیاکاری و جیاوازی) لە سەر ژیانی مرۆڤ و چێوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا زەقدەکرێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە گەلێك جار بیرۆکەی جیاوازی زمانی و داهێنانە تاکگەراییە زمانییەکان ( کە بنەمای دروستبونی دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکان و لە کۆتایدا دیالێکتی جیاوازی لە زماندا لێ بەرهەمدێت) وەك مەترسیی و وەیشومەی دروستنەبوونی زمانی ستاندارد لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هەژمار دەکرێت. بەڵام بە گەڕانەوە بۆ داهێنان و بەکارهێنانەکانی (زانستی زمانی کۆمەڵایەتی)، بە تایبەتی چێوەی پەیوەندییە هەمبەرییە تیۆری و کارەکییەکانی (تاکگەرایی و هەڵکردن"Individuality and Conformity") ئەم بۆچوونە تەواو بە پێچەوانەوەیە، چونکە ئەو جیاوازییە زمانییانەی لە زمانێکدا بوونیان هەیە نەك هەر مایەی مەترسی نین لە سەر دروستبوونی زمانی ستاندارد، بەڵکو دەشبێتە بنەمایەکی بەهێزی زمانی ستاندار ئەگەر مامەڵەیەکی دروستی زمانەوانییانە و کۆزمانەوانییانە لەگەڵ ئەو جیاوازییانەدا بکرێت.

لە درکپێکردنی ئەم ڕاستییە زانستی و مرۆڤایەتییانەشەوەیە (کە جیاوازییە زمانی و کلتورییەکان بنەمای بەهێزین نەك لاوازی مرۆڤ و کۆمەڵگاکان)، کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە خولی (٣٠)ی کۆنگرەی گشتی خۆیدا لە ساڵی (١٩٩٩) پێشنیازی دیاریکردنی ڕۆژێکی کردووە وەك (ڕۆژی زمانی دایك)[1]. بێگومان ئەمەش بە مەبەستی هاندانی هەمەجۆریی زمانی و کلتوری و فێرکردن بە زمانە هەمەچەشنەکان لە نێو نەتەوە جیاوازەکانی گۆی زەویدا. ئەگەرچی کورد لە کۆمەڵگای کوردەواریدا خاوەنی تەنها یەك تاکە زمانە، کە ئەویش زمانی دایکییەتی (زمانی کوردی)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو فرەدیالێکتیی و ئەکسێنتییەی لە زمانی کوردیدا بوونی هەیە لە خۆیدا گرنگی لێکۆڵینەوە لە جیاوازییە زمانییەکانی ناو زمانی کوردی دەنوێنێت. بۆیە دەبێت لەم پێشەکییەدا جەخت بکرێتەوە لە سەر ئەوەی، کە کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایەکی (فرە دیالێکتی و ئەکسێنتییە "Polyglottism ") نەك کۆمەڵگایەکی (فرەزمانی "Multilingualism "). هەربۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات لە ڕوانگەی ئاڕاستەکانی (تاکگەرایی و هەڵکردن"Individuality and Conformity")ی (زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە ) شیکردنەوە بۆ گرنگی و سودی ئەم هەمەجۆرییە زمانییەی زمانی کوردی بکات، بە ڕادەیەك، کە چەمکی (جیاوازی و هەمەجۆری) چ لە ناو کۆمەڵگادا چ لە ناو زماندا سەرچاوەی سەرکەوتن و یەکگرتن و هێنانەکایەی زمانی ستاندارد و کۆمەڵگایەکی یەکگرتووە، نەك بە پێچەوانەوە.

**١ ) تاکگەرایی و جیاوازییە زمانییەکان:**

هەروەك لە دەستپێکی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا خرایەڕوو، کە کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایەکی (فرە دیالێکتی و ئەکسێنتییە "Polyglottism")[2] نەك کۆمەڵگایەکی (فرەزمانی "Multilingualism ")[3]. لەم ڕوانگەیەشەوە لێکۆڵینەوە لە هەمەچەشنی زمانی ناو زمانێك لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ بەرهەمە زمانییە جیاوازەکانی تاکە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگایە. هەربۆیە هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە سەر جیاوازی زمانی بێ ڕێسا دەبێت، ئەگەر ڕاستەوخۆ لە تانوپۆی

تاك و ڕۆڵی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و تانوپۆی زمانی قسەکردنی تاك (ئایدیۆلێکت" idiolect ")[٤] و ڕۆڵی لە زمانی گشتی ئەو کۆمەڵگایەدا دەست پێنەکات. هەربۆیە خستنەڕووی تاك و تاکێتی تاك (کە بنەمای ئەم جیاوازییە مرۆیی و زمانییەن) گرنگی تایبەتی دەبێت.

**١/١ ) تاك و تاکێتی تاك:**

لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا (تاك) و سروشتی ژیان و بەرهەمە زمانییەکانی سەنتەری گرنگی پێدانێکی زانستییانەیە. ئەم گرنگی پێدانەش لە خۆیدا بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە، کە بریتین لە:

أ) ئەگەر ئێمە کاری ئەم تاکانە نەزانین، ئەوا ناتوانین شیکردنەوە بۆ ڕەفتار و پەیوەندییە ڕەفتارییەکانی ئەم تاکانە لە کۆمەڵگادا بکەین و جیایان بکەینەوە لە ڕەفتار و پەیوەندییە ڕەفتارییەکانی تاکەکانی تری کۆمەڵگایەکی تر. کەواتە تاکەکان گرنگن بە هێندەی گرنگی خانە تاکەکان بۆ لەشی مرۆڤ لە زانستی بایلۆژیدا. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە هەروەکچۆن مرۆڤ بە لەناچوونی خانەیەکی جەستەی کار و چالاکییەکی دیاریکراوی (چ جەستەیی بێت یان ئاوەزیی) تێکدەچێت و قەرەبووکردنەوەشی گرانە یان مەحاڵە، بە هەمانشێوەش ئەگەر بێتو کۆمەڵگا هەر تاکێك لە تاکەکانی لەدەست بدات، ئەوا جێگرتنەوەیان بە تاکێکی تر گرانە یان مەحاڵە، تەنانەت ئەگەر ئەو تاکە شێتێکی ناو کۆمەڵگاکەش بێت. بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە هەریەکێك لەو تاکانە تاکێتییەکی (کەسێتییەکی) تایبەت بە خۆی هەیە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا لە ناو کۆمەڵگادا، کە هیچ کەسێکی تر ناتوانێت پەیکاڵ بەو کەسێتییەی ئەو ئەرکەکە جێبەجێبکات. هەر ئەمەشە بۆتە هۆی هاتنە کایەی هۆکاری دوەهەم لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا.

ب) لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا دوو تاکمان دەست ناکەوێت، کە شێوازی قسەکردنیان وەك یەك بێت، کە ئەمە لە زانستی بایلۆژیدا بە پێچەوانەیەوە بۆ خانە تاکەکانی لەشی بونەوەرە زیندوەکانی وەك (مرۆڤ و ئاژەڵان). بۆ نموونە ئەگەر دوو برای دوانکە، ئەگەر لە هەمان بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوری و پەروەردەیی و...هتد گەورە بن، ئەوە هێشتا شێوازی قسەکردنیان لە یەکتری جیاوازە. ڕەنگە ئەم جیاوازییە زمانییانە لە سەرەتادا بە شێوەیەکی کاڵ دەربکەون، بەڵام لەگەڵ گەورە بوونی دوو براکەدا و بەرەو پێشچونیان لە ژیاندا جیاوازییەکان زەقدەبنەوە و دەبنە سیمای گشتی زمانەکە[٥].

**٢/١ ) هۆکاری جیاوازییە زمانییەکان:**

قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە) پێیوایە مرۆڤ ئاوەزێکی داهێنەرانەی هەیە، کە دەتوانێت لە ژمارەیەکی دیاریکراو لە فۆنێم و یاسای زمانی ژمارەیەکی بێ سنوور لە داتای زمانەوانی بەرهەم بهێنێت[٦]. هەر لەم ڕوانگەشەوەیە، کە قوتابخانەی (زانستی زمانی درکپێکردن " Cognitive Linguistics")[٧]یش پێیوایە مرۆڤ لە ڕێگەی پێنج هەستەوەرەکەیەوە دەتوانێت سەرجەم زانیاریەکانی ژینگە و دەوروبەرەکەی کۆبکاتەوە و لە شێوەی کۆددا لە ئاوەزیدا هەڵیان بگرێت. بەمشێوەیە قوتابخانەی (کۆزمانەوانی درکپێکردن" Cognitive Sociolinguistics ")[٨]یش لە ڕوانگەی شیکردنەوەکانی هەردوو قوتابخانەکەوە گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی، کە سەرجەم بەرهەم و داهێنانەکانی تاکەکان وابەستەی زیرەکی ئاوەزی مرۆڤ و کۆکراوەی ئەزموون و شارەزاییە بەرجەستەکراوە بە کۆدکراوەکانیەتی لە ئاوەزیدا، کە لە کاتی داهێنانی بەرهەمەکانیدا ڕاستەوخۆ سودیان لێ دەبینێت. هەربۆیە ئەم قوتابخانەیە لە شیکردنەوەیدا بۆ هۆکارەکانی جیاوازی زمانی تاکە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دوو هۆکار دەست نیشاندەکات، کە بریتین لە:

١. شارەزایی زمانیی تاك: بێگومان شارەزایی تاك بریتییە لە ئەزموونی ئەو مرۆڤە، کە لە هەموو لایەنە تاکگەراییەکانییەوە هاتونەتەکایەوە. لەم بوارەشدا بە هۆی نەبوونی دوو شێوازی قسەکردنی نموونەیی تەواو پەیکاڵ و لەیەکچووەوە (شارەزایی زمانیی تاك) دێتەبوون. ئەم شارەزاییە زمانییە تاکێتییەش پێکهاتووە لە سەرجەم ئەو قسانەی تاکەکە بە هۆی توانستی داهێنەری ئاوەزییەوە بەرهەمیهێناوە (هەروەك قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە سەلماندویەتی) لەگەڵ هەموو ئەو قسانەی لە لایەن تاکەکانی ترەوە بەرهەمهاتووە و ئەم بەهۆی پێنج

هەستەوەرەکەیەوە توانیوتی وەربان بگرێت و جارێکی تر لە ئاوەزیدا کۆدیان بکات (هەروەك قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردن سەلماندویەتی).

٢. تیۆری بۆشایی ڕەهەندە هەمەچەشنەکان: شارەزایی زمانیی تاك تەنها هۆکار نییە بۆ دروستبوونی جیاوازییە زمانییەکانی تاك، بەڵکو پەیوەستبونێکی ناچارییانەی لەخۆوەیی نەستییانە لە لایەن قسەکەرەوە بە (توخم و تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی) خۆیی و تاکەکانی بەرانبەرییەوە هۆیەکی تری ئەم جیاوازییە زمانییانەیە. بەمشێوەیە ئەم تیۆرییە پێیوایە، کە تاکەکان لە کاتی قسەکردنیاندا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی دوو چەشن ناچاری دەبنەوە، کە بریتین لە (ناچاری خودییانە) و (ناچاری بەانبەرییانە). واتە پێویستە قسەکەر قسەکانی هەم ڕەنگدانەوەی (توخم و تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی) خۆی بێت و هەم بشگونجێت لەگەڵ (توخم و تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی) بەرانبەرەکەیدا[٩]. کەواتە (شارەزایی زمانیی تاك) تەنها هۆکار و سەرچاوە نییە بۆ جیاوازییە زمانییەکان، بەڵکو دەتوانین پێشبینی ئەوەش بکەین، کە بونیادی کەسی تاکەکان بە هۆی نەخشەی زمانی عەقڵی هەستپێنەکراوی نەستییانە گەورە یان بچوکەوە دەبێت لەو کۆمەڵگایەی، کە تاکەکەی تێدا دەژی، کە لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە لە شێوەی (تیۆری بۆشایی ڕەهەندە هەمەچەشنەکان) ڕێکدەخرێت. ئەم تیۆرییەی زیاتر مەبەست لێی دەرخستنی لێکچوون و جیاوازییە پەیوەندیدارەکانە لە تاکێکەوە (کە خاوەنی ڕەهەندی هەمەچەشنە) بۆ ژمارەیەکی زیاتر و زۆرتر لەم ڕەهەند و ئاڕاستە جیاوازانە (کە هی مرۆڤە جیاوازەکانی ترە). ئەمەش بە هۆی ئەوەی تاکێتی تاکەکان لە خۆیاندا وەك ئامێرێکی تۆمارکردنی ناڕاستەوخۆن بۆ سەرجەم ڕابردووی ئەو مرۆڤە ( بە وێنەی هەر ئامێرێکی تری وەك تەسجیل و ڤیدیۆ و سیدی و دیڤیدی و....هتد). ئەمە جگە لەوەی تاکگەرایی (تاکێتی تاك) بۆ خۆی وەك پاڵێوەرێك (فلتەرێك) وایە بۆ سەرجەم ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە نوێیانەی مرۆڤەکەی تێدەکەوێت. بۆ نموونە ئەگەر دوو کەسی وەك (ا و ب و پ ) گوێیان لە قسەی تاکێکی وەك (ا) گرت، ئەوا کاریگەری قسەی کەسی (ا) بە ڕادە و ڕێژەی جیاواز دەبێت لە سەر دوو کەسی (ب و پ). بۆ کۆنکرێتکردنی لایەنی تیۆرییەکە با لە ڕستەی (١) وردبینەوە:

(١)

ا- منداڵەکە سەیارەیەکی خێرای مۆدێل بەرز شیلای.

ب- کام منداڵ؟ کوڕەکەی کاکە بەمۆ نەڵێی!

پ- ئێ کوڕە دەوڵەمەندە، پارە کوێری کردووە، قابیلە داماو بێت وەك ئێمە و پەکی بکەوێت.

ت- وەیش دایکت بمرێ! جا ڕۆڵە منداڵەکە مرد؟

ئێستا ئەگەر لە ڕستەی (١ا) وردببینەوە، دەبینین، کە ڕستەیەکی هەواڵییە و لە لایەن قسەکەرێکی تاکەوە بەرهەمهێنراوە و دەربڕاوە بۆ چەند گوێگرێکی تاکی بەرانبەری، کە هەریەکەیان (توخم وتەمەن و پلەوپای کۆمەڵایەتی) جیاوازیان هەیە. هەربۆیە دەبینین لە بەدەنگەوەهاتنەکانیشیان بۆ زانیاری ڕستە دەربڕاوەکە بە ڕادە و ڕێژە و فۆرمی جیاواز بووە، بە شێوەیەك قسەکەری (ب)، کە لە ڕستە بەرهەمهێنراوەکەیەوە کەسێتییەکەی وادەردەکەوێت یان باوکی قسەکەری سەرەکی بێت یان برای بێت، ڕاستەوخۆ پێناسی منداڵ و باوکی منداڵەکەی بەلاوە گرنگە و پرسیاری لێدەکات، لە کاتێکدا قسەکەری (پ)، کە جارێکی تر بە هۆی ڕستە بەرهەمهێنراوەکەیەوە تا ڕادەیەك کەسێتییەکەی خۆی دەنوێنێت و تەنها ئەوەشی بەلاوە گرنگە، کە هەم ڕەخنەیەکی توند لە پارەداران بگرێت و هەم هەژاری خۆشی بەیان بکات. خۆ ئەگەر لە ڕستە بەرهەمهێنراوەکەی (ت)ش ڕابمێنین، تێدەگەین، کە دایکی قسەکەری سەرەکییە و لێیان هاتۆتە دەنگ و تەنها دەیەوێت بێدەنگیان بکات و هەواڵی منداڵەکە بزانێت.

لە نموونەی (١) و شیکردنەوەکانییەوە، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە تێگەیشتنی تاکەکان لە ڕستە و دەقەکان و ئەو زانیارییانەی هەڵیانگرتووە لە سەر بنەمای تاکێتی تاکەکان و هۆکارەکانی جیاوازی زمانی تاکەکان دەگۆڕێت. بەمەش ئەم بۆچوونە گۆڕاوانە و یەکبەستنیان بۆ تاکێکی ئامادەی بێدەنگی ئاخاوتنێکی وەك نموونەی (١) نەك هەر یارمەتی تێگەیشتنی لە ئاخاوتنەکە دەدات ، بەڵکو یارمەتیشی بۆ تێگەیشتن لە خودی تاکێتی تاکەکان دەدات. بەمشێوەیە ئەگەر جیاوازییە زمانییەکان لە

سەر ئاستی ئاخاوتنێکی دیاریکراوی وەك نموونەی (١) ئەم ئەرکە ئالۆزە بۆ تاکە بێ دەنگەکە جێبەجێبکات، ئەی دەبێت جیاوازییە زمانییە تاکییە بێ سنوورەکانی ناو کۆمەڵگایەك چەندێك سوودی بۆ پرۆسەی تێگەیاندن و تێگەیشتن لە ناو خودی ئەو کۆمەڵگایەدا هەبێت.

بەمشێوەیە لە ڕوانگەی تێگەیشتن لە تیۆری بۆشایی ڕەهەندە هەمەچەشنەکانەوە، دەتوانرێت بگوترێت، کە پەیبردن بە شێوازی قسەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بە یەکێك لە هەرە ئەرکەکە ئالۆزەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بە ڕادەیەك کە نەخشەکێشانی ئەو جیاوازییە زمانییانەی لە زمانی قسەکردنی تاکەکاندا هەیە کارێکی فرە ڕەهەندی تا ڕادەیەك ئەستەمە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە ژیانی تاکەکانی و بیر و بۆچون و دنیابینییان بەردەوام لەگۆڕاندایە. بەمەش زمانی قسەکردنیان بەردەوام لە جیاوازبووندا دەبێت و بەرەو گۆڕان دەچێت، هەربۆیە لێکۆڵینەوە لەم شێوازە قسەکردنە تاکییانەی ناو هەر زمان و کۆمەڵگایەك کارێکی ئەستەمە. بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە، کە دووربێت لە دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە و نەتوانرێت شیکردنەوەی تێدا بکرێت. لەم ڕوانگەیەوە زمانی قسەکردنی تاك چەندێك بگۆڕ بێت، هێشتا تا ڕادەیەکی شیاو، بە هۆی خاسیەتی (تۆماریی) (پاڵێوەری) تاکێتی تاکەکانەوە، دەتوانرێت شیکردنەوە لە بەرهەمە زمانییەکانی تاکەکانیشدا بکرێت. بۆ تێگەیشتن لە کاریگەری هەردوو خاسیەتی (تۆماریی) و (پاڵێوەریی) تاکێتی تاکەکان چ لە کاتی بەرهەمهێنانی قسە (جیاوازی زمانی)دا چ لە کاتی گوێگرتن و تێگەیشتن لە بەرهەمە زمانییەکانی قسەکەرە تاکەکانی تر، دەتوانرێت دیاریکردنی ( شێوازی قسەکردنی تاك "Idiolect") وەك نموونە بهێنرێتەوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە ئەو تاکێتی تاك و خاسیەتەکانیەتی بڕیار لە سەر چۆنیەتی و چییەتی ئەم بەرهەمهێنانە زمانییانە و تێگەیشتن لێیان دەدات، بە شێوەیەك خاسیەتەکانی (تۆماریی) و (پاڵێوەریی) تاکەکە چۆن ڕادەی بەرهەمهێنانە زمانییە تاکەکە دیاریدەکات، بە هەمان ڕێژەش تێگەیشتن لە شێوازی قسەکردنی ئەو تاکەش دیاریدەکات. بۆ نموونە با بڕوانینە نموونە ئاخاوتنییەکانی (٢) و (٣):

(٢)

+ ئەرێ سبەینێ چەند [ فرصە]ت هەیە؟

– وابزانم چوار! بۆچی؟

+ وەڵڵا گوتم، ئەگەر زوو لێ ببیتەوە بچین بۆ بازاڕ.

– ئێ بۆ نا، خۆ فریا دەکەوین.

(٣)

+ ئەرێ سبەینێ چەن [ ڕێست]ت هەیە؟

– وابزانم چوار! بۆچی؟

+ وەڵلا گوتم، ئەگەر زوو لێ ببیتەوە بچین بۆ بازاڕ.

– ئێ بۆ نا، لە خزمەتدام.

ئێستا ئەگەر لە هەردوو ئاخاوتنەکەی نمونەی (٢) و (٣) وردببینەوە، ئەوە تێدەگەین، ئاخاوتنەکە هەر هەمان ئاخاوتنە و تاڕادەیەك لە هەمان بارودۆخدا ئەنجامدراوە و هەمان واتاش دەگەیەنێت. بەڵام بە وردبوونەوە لە دوو ئاخاوتنەکە دەبینین، کە لە نمونەی (٢)دا وشەی [ فرصە] بەکارهاتووە، لە کاتێکدا لە نمونەی (٣)دا وشەی [ ڕێست] بەکارهاتووە. ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لە بەرهەمهێنانی دوو ئاخاوتنەکە و هەم کاریگەریەشی دەبێت لە تێگەیشتن لە تاکێتی تاکی قسەکەر و شیکردنەوەی کەسایەتییەکەی. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر وەك لایەنی (بەرهەمهێنانی قسە بە کاریگەری تاکێتی تاك) لە ئاخاوتنەکە وردببینەوە، دەبینین، کە بە هۆی کاریگەری (تۆماریی) و (پاڵێوەریی) تاکێتی تاکەکانەوە ئەو دوو ئاخاوتنە فۆڕم جیاوازە بەرهەمهاتووە، چونکە زیاتر ئەو کەسانە وەك نمونەی (٢) دەئاخاوێن، کە (تۆماریی) تاکێتییان زیاتر هەڵهێنجراوی ژیانی مامۆستایی یان خوێندکاریی قۆناغی بەرایی و ناوەندیی و دواناوەندییە، لە کاتێکدا ئەو کەسانەی وەك نمونەی (٣) دەئاخاوێن، کە تۆماریی تاکێتییان زیاتر هەڵهێنجراوی ژیانی مامۆستایی یان خوێندکاریی قۆناغی پەیمانگا یان زانکۆ بێت. واتە ئەو کەسانەی لە وەزارەتی پەروەردە چ وەك مامۆستا چ وەك خوێندکار ژیان بەسەر دەبەن زیاتر بە پشوی نێوان وانەکانیان دەڵێن (فرصە)، بەڵام ئەو کەسانەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی چ وەك مامۆستا چ وەك خوێندکار

کاردەکەن زیاتر بە پشوی نێوان وانەکانیان دەڵێن (ڕێست) و لە تاکێتییاندا تۆمارکراوە و بووە بەشێك لە باکگراوەندی ڕۆشنبیری و زانستییان. خۆ ئەگەر بێتو جارێکی تر لە چۆنیەتی و چییەتی تێگەیشتن لەو دوو ئاخاوتنە وردبببینەوە، ئەوا دەبێت لە ڕوانگەی (پاڵێوەریی) تاکێتی تاکی گوێگرەوە دوو ئاخاوتنەکە شیبکرێنەوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە تەنها ئەو کەسانە دەتوانن لە دوو نمونەی (٢) و (٣) تێبگەن، کە یان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەردوو وشەی (فرصە) و (ڕێست)یان بەو واتا و باکگراوەندەوە بەکارهێنابێت یان بیستبێت لە کەسێکیانەوە، ئەوسا دەتوانن لە واتای دوو نمونەکە تێبگەن. خۆ ئەگەر بێتو کەسێك لە هەموو ژیانیدا لە دوور و نزیکەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ تێکەڵ بە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا نەبوبێت و سەرجەم تاکێتییە تاکییەکەی بە دەر بێت لە دوو وشەی (فرصە) و (ڕێست)، ئەوا لەکاتی بیستنی ئەو دوو جۆر ئاخاوتنەی نمونەی (٢) و (٣)دا نەك هەر ناتوانێت لە کەسێتی و تاکێتی تاکی دوو کەسی بەرهەمهێنەری قسەکە تێبگات و شیکردنەوەیان بۆبکات، بەڵکو ڕەنگە نەشتوانێت هەر لە واتای ڕستەکان تێبگات!

لە ڕاستیدا ئەمجۆرە جیاوازییە زمانییە هەندێکجار بە ئاڕاستەیەکی دژواردا دەڕوات لە ناو کۆمەڵ و زمانی قسەکردنی ئەو کۆمەڵەشدا. ئەمەش بەهۆی کەمبونەوەی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییەی قسەی لەسەر دەکرێت، کە هەندێکجار دەگاتە ڕادەی نەمانی دیاردەکەش لە ژیانی هەندێك تاك و گروپی کۆمەڵگادا. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە هەم خاسیەتی (تۆماریی) و هەم خاسیەتی (پاڵێوەریی) تاکێتی ئەوجۆرە تاکانە بە دوور بێت لە تێگەیشتن لەمجۆرە دیاردانە و ئەو داتا زمانیانەش، کە بەرانبەر ئەو دیاردەیە بەکاردێن. بێگومان کەمبونەوە و نەمانی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەش تەنها زیان بە کۆمەڵگا ناگەیەنن (هەروەك لە ئێستادا زۆرێك لە دیاردە کشتوکاڵییەکانی کۆمەڵگاکەمان کاڵبونەتەوە یان هەر نەماون)، بەڵکو زیان بە فەرهەنگی زمانی دایك و فەرهەنگی خودی هەر تاکێکی نەشارەزا بەو بوارانەش دەگەیەنێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر کەسێك (تۆمار و پاڵێوەریی) تاکێتی تاکییەکەی بە کۆدە زمانیەکانی بواری کشتوکاڵ دانەگیرابێتەوە، ئەوا گرانە لەو جۆرە ئاخاوتنانە تێبگات، چ جای ئەوەی لە کەسێتی کەسی قسەکەر لەو بوارە تێبگات. هەر ئەمەشە وایکردووە ئەو ئاخاوتنەی لە نمونەی (٤) و (٥) دەخرێنەڕوو بە نیسبەت هەندێك کەسەوە (بەتایبەتی ئەو کەسانەی، کەزمانی کوردی زمانی دایکیان نییە) ئاڵۆز و گران بێت و وەك جیاوازییەکی بێ کۆتا هەژمار بکرێت و تێینەگات، لە کاتێکدا ئەمجۆرە ئاخاوتنانە بە نیسبەت ئەو کەسانەی تاکێتی تاکییان گوشراوی ڕەسەنایەتی کۆمەڵگا و زمانی دایك و کلتوری ڕەسەنی کۆمەڵگاکەیانن زۆر بە سانایی دەتوانن لە گەمە زمانییەکانی ئەم داتا زمانییانەی زمانەکەیان تێبگەن و توانای دەربڕینی خۆیانیانی پێ فراوان بکەن و بتوانن بەردەوام پێناسەی خۆیان و دەوروبەرەکەیانی پێ بکەن. بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم ڕاستییانەی سەرەوە، دەبێت بیر بکەیتەوە لەوەی، کە تۆی خوێنەر تا چ ڕادەیەك لە واتای وشە تاکەکانی ناو ئاخاوتنەکانی نموونەکانی (٤، ٥) تێدەگەیت، کە لە ناو کەوانەی شکاوەدا نوسراوە و تا چ ڕادەیەکیش ئەم وشانە بەشێکن لە (تۆماریی) یان (پاڵێوەریی) تاکگەرایی تۆی خوێنەر:

(٤)

+ کامەران دیار نییە؟

– وەللاّ لە [ گەلاّنە].

+ ئەی ئەحە؟

– بە خوا ئەویش هەر خەریکی [ بەرپاچە].

(٥)

+ کەی [ بلۆك]ت کرد؟

– هەر [ لایکەکە]ی لە سەر وێنەکەم کرد داغانم کرد.

+ داماو خۆی، بە [ لایکێك] [ بلۆك] بکرێت، ئەی ئەگەر [ شێر]ی بکردایە!

– خاڵە خەمت نەبێت پیاوی ئەوە نییە [شێر] و شتی وای ئێمە بکات.

بە وردبوونەوە لە نموونەکانی (٤) و (٥) تێدەگەین، کە ئاخاوتنی نمونەی (٤) ئاخاوتنی دوو کەسە، کە تاکێتی تاکییەکەیان کشتوکاڵیانەیە و ئاخاوتنی نمونەی (٥)یش ئاخاوتنی دوو کەسە، کە تاکگەراییەکەیان تەکنەلۆژییانەیە. هەربۆیە ڕادە و ڕێژەی تێگەیشتن لەم جیاوازییە زمانییە جارێکی تر پەیوەستە بەوەی، کە تا چ ڕادەیەك کەسی گوێگر بۆ ئەم دوو

ئاخاوتنە تاکێتی تاکییەکەی و فەرهەنگە ڕۆشنبیری و زمانەوانییەکەی ئاشنایە بەم دوو جۆرە فەرهەنگە تایبەتەی ناو کۆمەڵ و زمانی نەتەوەکەی. بێگومان ئەمجۆرە نمونە و شیکردنەوانە ڕاستەوانە گرنگی تاکیتی تاك دەسەلمێنن بە دوو ئاڕاستەی جیاواز، کە ئەوانیش بریتین لەوەی، کە تا تاکێتی تاکی کەسەکە دەوڵەمەند بێت بەم جیاوازییانە، ئەوا لێزانەتر قسە بەرهەمدەهێنێت و لە قسە بەرهەمهێنراوەکانیش تێدەگات. بەمەش بواری زیاتر پەیوەندیکردنی لە ناو کۆمەڵگادا بۆ دەڕەخسێنێت. بەمشێوەیە هەتا تاکەکانی کۆمەڵگا تاکێتی تاکییان دەوڵەمەند بێت بەم جیاوازییانە، ئەوا بواری پەیوەندیکردن زیاتر لە ناو کۆمەڵگادا دەڕەخسێت و ئومێدی بە ستانداربونی زمانی دایکیش زیاتر دەبێت، چونکە لە هەنگاوی بە ستانداردبوونیدا پێویستی بە هیچ لایەنێکی فەرهەنگی و ڕێزمانی زمانی بێگانە (زمانی دوهەم) نابێت، بەڵکو بە هۆی ئەم هەموو جیاوازییە زمانییەی فەرهەنگ و کلتوری هەڵگیراو لە داتا فەرهەنگییەکانیدا لە باریدایە ببێتە زمانی ستاندارد.

**٢) جیاوازییە زمانییەکان و ئاماژەکانی بەستانداردبوون:**

لێکۆڵینەوەکە لێرەدا هەوڵدەدات بە دوو ئاڕاستەی جودا کاربکات بە مەبەستی سەلماندنی ئەو ڕاستییەی، کە جیاوازییە زمانییەکان ( کە بەرهەمی تاکگەراییە زمانییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگان) بە هەمان ڕادەی ڕێککەوتنە زمانییەکان ( کە ئەندامانی کۆمەڵگا لە سەری ڕێککەوتوون و بنەمای هەڵکردنە زمانیی و مرۆییەکانن ) گرنگن و ڕۆڵیان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا هەیە. ئەم ڕۆڵەی جیاوازییە زمانییەکان هەندێکجار زیاتر لە ڕێککەوتنە زمانییەکانیش بەرچاو دەکەوێت، بە ڕادەیەك لە هەندێك باریی تێکچووی کۆمەڵایەتیدا جیاوازییە زمانییەکان ڕۆڵێکی بەرفراوان بۆ درێژکردنەوەی ئاخاوتن و هێشتنەوەی پەراوێزێك بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان تاکە ناکۆکەکاندا دەگێڕن، هەروەك ئەو ڕۆڵەی وشە هەستدەربڕە زبرەکان دەیبینن. لەم ڕوانگەیەوە لەم بەشەی لێکۆڵینەوەدا بە پوختی لە سەر هەردوو لایەنی (ڕێککەوتنە زمانییەکان) و (جیاوازییە زمانییەکان) هەڵوەستە دەکەین و باری سەرنجیشمان زیاتر لە سەر جیاوازییە زمانییەکان زەقدەکەینەوە. بەمشێوەیە لێکۆڵینەوەکە مەبەستییەتی ئەوە بسەلمێنێت، کە هەتا زمانەکەمان جیاوازی زمانی تێدا زیاتر بێت، ئەوا زیاتر و زۆرتر بواری قسەکردن و ئاخاوتن و پەیوەندیکردن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و گروپەکانی کۆمەڵگاکەماندا دەڕەخسێنێت. بێگومان ئەگەر زمانەکەشمان ئەوەندەی لەباردا بێت، کە لە سەرجەم بوارە جیاوازەکانی ژیاندا سانایانە بەکاربێت، ئەوا لەڕووی زمانەوانی و کۆزمانەوانییەوە زیاتر باری بە ستانداردبوونی بۆ دەڕەخسێت و لە هیچ بوارێك لە بوارەکاندا پەکی ناکەوێت و پێویستی بە زمانی دوهەم نابێت. بەمشێوەیە بیرکردنەوەکە بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەڕوات، کە ئەگەر جیاوازییە زمانییەکانی ناو یەك دیالێکت ئەمەندە سودی بۆ ئاخێوەران هەبێت، ئەی دەبێت جیاوازییە زمانییەکانی ناو زمانەکەمان ( بە لە بەرچاوگرتنی سەرجەم دیالێکت و ئەکسێنتەکانیان ) چەند سوود و قازانج بە ئاخێوەران بگەیەنێت و چەند بوار و پەراوێزی نوێ بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان ئاخێوەراندا بکاتەوە. بە مەبەستی ئەزمونبەندکردنی بۆچوونەکانمان سەرەتا بە هەڵکردنە زمانییەکان دەست پێدەکەن و دواتر جیاوازییە زمانییەکان.

**١/٢) هەڵکردنە زمانییەکان هەمبەر بە جیاوازییە زمانییەکان:**

یەکێك لەو ڕاستییە زانستیانەی گومانی لێناکرێت ئەوەیە، کە هەڵکردنە زمانییەکان (واتە ڕێککەوتنە زمانییەکان، کە مەبەست لێی سەرجەم ئەو لایەنە فەرهەنگی و دەنگسازی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و تەنانەت سیمانتیکی و پراگماتیکیانەشە، کە سەرجەم کۆمەڵەی ئاخێوەران لە کۆمەڵگایەکدا ڕێکدەکەون لەسەری.) بنەما و کۆڵەکەی سەرەکی هەر زمان و پرۆسەیەکی پەیوەندیکردنن (چ تێگەیاندن بێت چ تێگەیشتن بێت). ئەم ڕاستییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەگەڵ هەموو جیاوازییە زمانییانەشدا، کە لە نێوان دیالێکت و ئەکسێنت و ئایدیۆلێکتە جیاوازەکانی زمانێکدا بوونیان هەیە، هێشتا ئەم شێوازە قسەکردنە جیاوازانە لە کرۆکدا یەك بنەمایان هەیە، بە تایبەتی لە ڕوانگەی ڕێسا سەرەکییە دەنگسازیی و ڕێزمانییەکانیاندا. واتە ئەگەرچی ئەم شێوازە قسەکردنە جیاوازانە لە داتا لێکسیمییەکانی ناو فەرهەنگ و چۆنیەتی دەربڕین، تەنانەت هەندێك لایەن و دیاردەی ڕێزمانیشەوە جیاوازبن، ئەوا لە زۆرێك لە ڕێسا و دیاردە ڕێزمانییە سەرەکییەکاندا چون یەکن و هەر هەمان ڕێسا بەکاردێنن. هەر ئەم چون یەکیەشە ئایدیۆلێکتە جیاوازەکانی ئەکسێنتێك، یان ئەکسێنتە جیاوازەکانی یەك دیالێکت، یان دیالێکتە جیاوازەکانی یەك زمان هەموویان دەکاتە شێوازی قسەکردنی دەستەخوشکی یەك دایکە زمان. بۆ پاساودانی ئەم

ڕاستیەش با لە نموونەکانی (٦) ڕابمێنین:

(٦)

١. منداڵەکە نانەکەی خوارد. (دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست).

٢. منداڵ نان خوار. ( دیالێکتی کرمانجی خواروو ).

٣. زارۆڵەکە نانەکەش وارد. ( دیالێکتی گۆران ).

ئێستا ئەگەر لەم سێ ڕستە ئاساییەی هەرسێ دیالێکتەکەی زمانی کوردی وردببینەوە، دەبینین، کە ڕاستە لە وشەی فەرهەنگی و جێبەجێکردنی هەندێك یاسای ڕێزمانیدا (بە تایبەتی لەڕووی دەستەی کلیتیکەکان و پرۆسەی ئێرگاتیڤی و ناسراوی) جیاوازن لە یەکتری، بەڵام لەگەڵ ئەم جیاوازییانەشەدا هەرسێ دیالێکتە ڕێکدەکەون لە پرنسیپ و ڕێسا گشتییە سەرەکییەکانی وەك (جێبەجێبونی ڕێسای سەرەکۆتایی چ ڕێزمانی چ واتایی بێت، هەروەها لە زۆرێك لە دیاردە ڕێزمانییەکانی وەك ئەرکە ڕێزمانییەکانیاندا هاوشێوەن)[١٠]. ئەم هاوشێوە بوونە بە ڕادەیەکە، کە بۆ نموونە لە نێوان دوو دیالێکتی (کرمانجی ناوەڕاست) و (کرمانجی خواروو)دا بۆ کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانیشیان درێژ دەبێتەوە[١١].

هەروەها بە مەبەستی زیاتر خستنەڕووی ڕاستی دەستە خوشکیی ئەکسێنتەکانی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، وێڕای جیاوازیشیان، با لە ڕستەی (٧) وردببینەوە:

(٧)

ا- ئەمرۆ تەرزە بە لێزمە ئەبارێ. (ئەکسێنتی سلێمانیی).

ب- ئەورۆ تەزرەیەکی قایم بارییە. (ئەکسێنتی هەولێریی).

ئەگەر لەم دوو ڕستەی نموونەی (٧) وردببینەوە، کە دوو ڕستەی هەردوو ئەکسێنتی (سلێمانی و هەولێری)ی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردییە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕاستە هەردوو ڕستەکە لە وشەی فەرهەنگی و (چۆنیەتی دەربڕین " Pronunciation")دا (کە لێرەدا هەوڵدراوە بە هۆی ڕێنووس و خاڵبەندییەوە بخرێتەڕو) لەیەکتر جیاوازن، بەڵام جیاوازییان لەم سنوورە تێپەڕ ناکات و لە سەرجەم دیاردە زمانی و ڕێزمانییەکانی دیکەدا وەکیەکن. لە ڕاستیدا ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆژییانەی لە نێوان ئەکسێنتەکانی دیالێکتدایە جارێکی تر ئەم ڕاستییە دوپات دەکاتەوە، چونکە لەگەڵ ئەوەی دوو ئەکسێنتی بۆ نموونە وەك (سلێمانی و هەولێریی) لە چۆنیەتی دەربڕینی فۆنۆلۆژییانەی هەندێك فۆنێمیشدا جیاواز بن، بەڵام هێشتا وەك دوو ئەکسێنتی یەك دیالێکت ڕەفتار دەکەن و جیاوازییە فۆنۆلۆژییەکانی نێوانیان تەنها لە خزمەتی فراوانکردنی توانای دەربڕیندا دەبێت و زۆر بە دەگمەن دەگەنە ئەو ئاستەی، کە ئەمە جیاوازییە فۆنۆلۆژییانە ببینە هۆی تێنەگەیشتن لە نێوان ئاخێوەرانی ئەو دوو ئەکسێنتەدا، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش با لە نمونەی (٨، ٩) وردببینەوە:

(٨)

ا- تۆزێك هێواش ئەڵیی [ کەڵەشێری] ئەقوقێنی، [ماڵتم] ئاوا کرد ! (ئەکسێنتی سلێمانیی)

ب- تۆزێك هێواش دەڵیی [ کەرەبابی] دەقوقێنی، [مارتم] ئاوا کرد ! (ئەکسێنتی هەولێریی)

(٩)

ا- دەبرۆ [ عەرەبانەکەت] ڕاکێشە ! (ئەکسێنتی سلێمانیی)

ب- دەبرۆ [ عەڕەبانەکەت/ عەرررررەبانەکەت] ڕاکێشە ! (ئەکسێنتی هەولێریی)

ئێستا ئەگەر لە ڕستەکانی هەردوو نمونەی (٨ و ٩) وردببینەوە، دەبینین، کە جیاوازی فۆنۆلۆژی لە نێوانیاندایە. ئەمەش بۆتە هۆی چۆنیەتی دەبڕینی جیاواز لە نێوان دوو ئەکسێنتەکەدا، بە ڕادەیەك، کە لە دوو ڕستەی (٨ا و ٨ب)دا ڕوودانی فۆنێمی (/ڵ/) لە ئەکسێنتی سلێمانیدا وەك خۆی ڕوودەدات، بەڵام لە ئەکسێنتی هەولێریدا ڕوودانی ئەم فۆنێمە زیاتر بە شێوەی فۆنێمی (/ر/) ڕوودەدات و دەردەبڕێت. ئەم ڕاستییەش لە وشەکانی ناو کەوانە شکاوەکانی هەردوو ڕستەی نمونەی (٨) ئاشکرا دیارە. هەروەها ئەگەر لە ڕستەکانی نمونەی (٩ا و ٩ب) وردببینەوە جارێکی تر دەبینین، کە لە ئەکسێنتی هەولێریدا (بڕوانە ڕستەی

٩ب) فۆنێمی (/ر/) چۆنیەتی دەربڕینی لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە دەگۆڕێت و قورس دەکرێت و زیاتر وەك فۆنێمی (/ڕ/)ی ئەکسێنتی سلێمانی دەردەبڕێت، هەروەك لە وشەی کەوانە شکاوەکەی ڕستەی (٩ب)دا دیارە.
لە شیکردنەوەکانی ئەمجۆرە ڕستانەوە جارێکی تر ئەو ڕاستییە دوپات دەبێتەوە، کە ڕاستە جیاوازی چۆنیەتی دەربڕین لە نێوان ئەکسێنتەکانی زمانی دایکدا بوونی هەیە، بەلأم هەرگیز ئەو جیاوازییە دەربڕینانە نەبونەتە هۆکاری تێنەگەیشتن، چونکە ئەگەر ئەکسێنتەکان لە چۆنیەتی دەربڕینیشدا جیاواز بن، ئەوا لە دروستەی ڕستەکان و لێکدانەوەی واتای فەرهەنگی وشەی ڕستەکان و واتای ڕێزمانی ڕستەکاندا چون یەکن.

بەلأم ئەم هەڵکردنە زمانییانەی زمان، تەنها بارە ئاساییەکەی توانا دەربڕینییە تاکگەراییەکانی تاکێك و پرۆسەی پەیوەندیکردنی پێکەوەیی تاکەکان دەڕەخسێنن و ناتوانێت توانا و هەل بدات بە تاکەکان و تاکێتی تاکەکان چەپاندنە تاکگەراییەکانیان و بۆشاییە واقعییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیانی پێ دەربڕن. هەربۆیە بە ڕادەی ئەم هەڵکردنە زمانییانە، جیاوازییە زمانییەکان بۆ تاك و ژیانی تاك و پەیوەندییەکانی و خۆگونجاندنی لەگەڵ خودی خۆی و تاکەکانی تری کۆمەڵگا و خودی کۆمەڵگاشدا گرنگن. ئەم گرنگیەشی لە هەنگاوی یەکەمدا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەم جیاوازییە زمانییانە جگە لەوەی هەروەك هەڵکردنە زمانییەکان باری ئاسایی پەیوەندیکردن بۆ تاکەکان جێبەجێدەکەن، لەهەمانکاتیشدا ڕۆڵێکی یەکجار گەورە دەگێڕن لە هاوسەنگ ڕاگرتنی ژیانی تاکەکاندا، چونکە لە ڕوانگەی شیکردنەوەکانی زانستی زمانی کۆمەلأیەتییەوە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت سەرجەم پێداویستییەکانی ژیان بەو شێوەیەی خۆی دەیخوازێت بۆ خۆی دابینبکات، هەربۆیە توشی نێواندژییەکی گەورە لە ژیانیدا دەبێتەوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە لە ژیانی کۆمەلأیەتیدا هەر هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی خەون و خولیاکانی، بەلأم ناتوانێت سەرجەمیان یان زۆربەشیان بەدەست بهێنێت، ئا لێرەدا جیاوازییە زمانییەکان خۆیان دەکەن بە ژیانی ئەو تاکەدا هەوڵدەدات ئەو بۆشاییە واقعی و مرۆڤانەی بۆ پڕبکاتەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی ناواقعیش بێت. بێگومان چۆنیەتی و چییەتی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە واقعییانەی مرۆڤیش بە جیاوازییە زمانییەکانی زمان لە سەر دوو بنەما ڕاوەستاوە، کە بریتین لە:

١. بونی ئەو جیاوازییە زمانییانە لە خودی زمانەکەدا.
٢. شارەزایی ئەو تاکە لەم جیاوازییە زمانییانەدا.

ئەگەر هاتوو مرۆڤەکە و خودی زمانی مرۆڤەکە ئەم دوو بنەمایەی تێدا ڕەخسا، ئەوا مرۆڤەکە زۆر سانایییانە دەتوانێت لەکاتی توشبوونی بە گرفتی بەدینەهاتنی ویست و ئارەزووەکانی لە ژیانی واقعی خۆیدا پەنا بەرێتە بەر بەکارهێنانی ئەم جیاوازییە زمانییانە و خۆی لەو بارودۆخە ئاڵۆز و نێواندژییەکان ڕزگار بکات، کە تێیدەکەوێت. فۆڕمی جیاوازییە زمانییەکانیش گەلێکن و لە گشت کون و قوژبنێکی زمانەکەدا خۆیان مەلأسداوە، کە ڕەنگە دیارترینیان بریتی بێت لە ( وشە هەستدەربڕە ئاسایی و زبرەکان، دیاردەی میتافۆڕی زمانیی، فۆڕمە ڕێزمانییە جیاوازەکانی دەبڕینی هەمان بابەت، گەمە زمانییەکان، نوکتە، گۆرانی و ...هتد).
بێگومان ئەم جیاوازییە زمانییانە لە هەر زمانێکدا وادەردەکەون، کە هۆکاری زبریی زمانەکە و ئاڵۆزیی زمانەکە بن، بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی زمانەکە زمانی دایکییان نییە و وەك زمانی دوهەم دەیانەوێت فێری ببن. بەلأم بە نیسبەت قسەپێکەرانی ڕەسەنی زمانەکەوە، کە زمانەکە زمانی دایکییانە نەك هەر مایەی ئاڵۆزی نییە، بەڵکو بەهۆی ئەم جیاوازییە زمانییانەوە هەم چەپاندنە مرۆڤییەکانی ناخیانی پێ دەردەبڕن و هەم توانایەکی تایبەتی پێ دەبەخشێت بۆ کردنەوەی چەندین پەراوێزی پەیوەندیکردنی تەلیسماوی لە بارودۆخە هەر ئاڵۆز و ناخۆشەکاندا (هەروەك لە حاڵەتی بەکارهێنانی وشە هەستدەربڕە زبرەکان و دیاردەی میتافۆڕیدا بەرچاودەکەوێت).
لەم لێکۆڵینەوەدا بە مەبەستی سەلماندنی ئەم ڕاستییانەی سەرەوە دوو نموونەی زەقی جیاوازییە زمانییەکانی زمانی کوردی دەهێنینەوە و شیکردنەوەیان بۆ دەکەین، کە ئەوانیش بریتین لە جیاوازییە زمانییەکانی (سیستەمی کردار و پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکس) و (درێژبوونەوەی مەودا چاوەڕوانەکراوی هەڵکردنی تاکەکان بە وشە هەستدەربڕە زبرەکانی زمانی کوردی) تاوەکو بتوانین ئەو ڕاستییە بسەلمێنین، کە جیاوازییە زمانییەکان نەك هەر بنەمای تێنەگەیشتن و دروستنەبونی زمانی ستاندارد نین، بەڵکو کۆڵەیەکی گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردن و زیادکردنی توانای دەربڕینن بە زمانەکە، کە دەتوانرێت ئەم

بەرفراوانبونەی توانای دەربڕین بە هۆی جیاوازییە زمانییەکانەوە جارێکی تر بەکاربهێنرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی خودی دیالێکت و ئەکسێنتەکانی و دواتریش لە بە ستانداربونی زمانی دایکدا بکرێتە چمکێکی خۆ دەربازکردن لە هێنانی فەرهەنگ و ڕێزمانی زمانی بێگانە.

**٢/٢) نواندنی کارەکییانەی فراوانبوونی توانای دەربڕین:**

**٢/٢–١) سیستەمی کردار و پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکس:**

لە سیستەمی کرداری زمانی کوردیدا دوو دیاردەی سەرنجڕاکێش بەرچاودەکەون، کە وەك جیاوازی زمانیی خۆیان دەنوێنن، کە ئەوانیش بریتین لە (بونی فۆڕمی جیاواز بۆ هەمان کردار کاتێك لە ڕابردووەوە دەکرێتە ڕانەبردوو)، هەروەها (پەیوەستبونی زۆرینەی کردارەکانی زمانی کوردی بە دیاردەی میتافۆڕییەوە). با لە ڕستەکانی نمونەی (١٠) بڕوانین:

(١٠)

ا– من هاتم. (ڕابردوو)————◄ من دێم. (ڕانەبردوو)

ب– من گوتم. (ڕابردوو)————◄من دەڵێم. (ڕانەبردوو)

ئەگە لە هەردوو جوتە ڕستەی نمونەی (١٠) وردبببینەوە، دەبینین، کە فۆڕمی کردارەکان گۆڕاوە لە کاتی گەردانکردنیان لە ڕابردووەوە بۆ ڕانەبردوو. بێگومان ئەم دیاردەیە بە نامۆ و ئاڵۆز هەژمار دەکرێت بۆ کەسێك، کە زمانی کوردی زمانی دایکی نەبێت، بەڵام بۆ قسەپێکەری زمانی کوردی، کە زمانەکە زمانی دایەکییەتی توانای دەربڕینی بۆ زیاد دەکات، بە ڕادەیەك دەتوانێت بە هۆی ئەم جیاوازییە زمانییەوە وردەکاری کات و شوێنی ڕووداوەکە و چۆنیەتی ڕودانی تا ڕادەیەك باش بخاتەروو[١٢].

یەکێك تر لەودیاردە سەرنجڕاکێشانەی لە سیستەمی کرداری زمانی کوردیدا بەرچاودەکەوێت خۆی لە پەیوەستبوونی زۆرینەی کردارەکانی زمانی کوردیدا بە (واتای تابو)ەوە دەبینێتەوە. هەر ئەمەشە وایکردووە، کە ئاخێوەری زمانی کوردی بەردەوام لە کاتی بەکارهێنانی کردارەکاندا هەوڵدەدات (پەرژینە زمانییەکانی وەك "دور لەڕووی تۆ، پەرژینێکی بەگوڵ چنراو بێت، حاشاحازری و ...هتد") بەکاربهێنێت. ئەم دیاردەیەش جارێکی تر بە نیسبەت کەسێکی بێگانە بە زمانی کوردییەوە وەك ئاڵۆزییەکی بێ کۆتا هەژمار دەکرێت و فێربوونیان کارێکی ئەستەمە[١٣]. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونەش با لە نمونەی ( ١١، ١٢) ڕابمێنین:

(١١)

+ ورەنەوە، شوتی بەشەرت!

– بە چەندە؟

+ دانەی (٢) هەزار.

– دە عەیب نەبێ! [ دانەیەکمان بەرێ ].

(١٢)

+ [هەڵی ئەگری] یان خۆم [هەڵیگرم]!

– نا تۆ پێت [هەڵناگیرێت] (هاهاها...)!

+ نە بەخوا مەبەستم ئەوە نەبوو.

– کورە ئەزانم، سوعبەتت لەگەڵ ئەکەم، ئەزیەت مەکێشە خۆم [هەڵی ئەگرم].

هەر لەم بوارەدا زۆرینەی پێکهاتە مۆرفۆسینتاکسییەکانی زمانی کوردی جگە لەو هەموو ئاسانکارییەی بۆ ئاخێوەری زمانی کوردی لەڕووی ئاسانی دەربڕین و کەمی بەفیڕۆدانی وزە لە کاتی ئاخاوتندا دەڕەخسێنن، بە هەمانشێوەی کردارە ئاساییەکانی زمانەکە و زیاتریش جگە لە گەیاندنی واتای ئاسایی خۆیان پەیوەست دەبن بە میتافۆڕەوە و واتایەکی تریش بە شێوەیەکی خشکەیی دەبەخشن. بەمەش توانایەکی بەهێز و بەرفراوان بۆ ئاخێوەران دەڕەخسێنێت. بۆ پاساودانی ئەو ڕاستییەی، کە ئەم جیاوازییە زمانیەش بنەمایەکی تری بەهێزی پرۆسەی پەیوەندیکردنە و دەتوانرێت بکرێتە بنەمای زیاتر

دەوڵەمەندبونی زمانی دایکمان و بڕیاردان لە سەر بە ستانداردکردنی لە نموونەکانی (١٣ و ١٤ و ١٥ و ١٦ و١٧ و ١٨ و ١٩ و ٢٠ و ٢١ و ٢٢ و ٢٣ و ٢٤ و ٢٥ و ٢٦ و ٢٧ )ی خشتەی (١) و واتا جیاوازەکانی ڕادەمێنین:

| ژ | پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکسیی | واتای ئاسایی | واتای میتافۆریی (جیاوازیی بوون) |
|---|---|---|---|
| ١٣ | هەڵیدا | شتێکی هەڵدا | هانیدا/ فریویدا |
| ١٤ | شانی پێداکرد | قۆڵی بە پاڵتۆکەیدا کرد | فشەی کرد |
| ١٥ | ئاوڕی لێدایەوە | سەیری دواوەی کرد | بەزەیی پێداهاتنەوە/ یارمەتیدا |
| ١٦ | دەستی بڕی | بەشێك لە جەستەی خۆی بڕی | هەڵی خەڵەتاندووە |
| ١٧ | بایدا | دەسترۆکەکەی بادا. | سەمای کرد |
| ١٨ | بازیهەڵدا | شەقاوێکی هاوێشت | کەسێکی تێپەڕاند |
| ١٩ | پاڵی پێوەنا | پاڵی بە شتێکەوە نا | دەریکرد/ پولی پێوەنا |
| ٢٠ | دای پۆشی | داپۆشینی کەسێت بە بەتانی | بابەتەکەی داخست |
| ٢١ | هەڵچوو | هەڵچوونی ماددەیەکی شل | تووڕە بوو. |
| ٢٢ | ڕووتایەوە | سەری ڕووتاوەتەوە | ئیفلاسبوون |
| ٢٣ | ژێرکەوت | کەوتنی شتێك بە سەر شتێکی تردا | دۆڕا |
| ٢٤ | ڕشایەوە | خواردنەکەی هێنایەوە | قسەی ناشرینی کرد |
| ٢٥ | دەستی وەشاند | زلەیەکی لێدا | ئیشی خۆی خێرا ڕادەپەڕێنێت |
| ٢٦ | چاڵی بۆ هەڵکەند | هەڵکەندی چاڵ بۆ نەمام ڕواندن | گێڕانی پیلان و دوژمنایەتی |
| ٢٧ | تێکچووە | خواردنەکە تێکچووە | شێتبووە |

**خشتەی ژمارە (١)**

بەمشێوەیە ئەگەر لە نموونەکانی خشتەی (١) وردببینەوە، دەبینین، کە جگە لە گەیاندنی واتا ئاساییەکانیان، جیاوازییە زمانییەکانی ئەم پێکهاتانە گەیاندنی ئەرکی پەیوەندیکردن دەبڕن و چونەتە بواری (میتافۆڕ و گەمەی زمانییەوە). بێگومان گەیاندنی ئەم ئەرکەش هەروا سانا نییە و بێ بنەما ڕوونادات، بەڵکو لە ڕوانگەی چێوەی (تاکگەرایی و هەڵکردن)ی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە هەردوو زاراوەی (بڵاوبونەوە) و (جەختکردنەوە) لە واتای نوێی پێکهاتە مۆفۆسینتاکسییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن بۆ قبوڵکردن و چەسپاندنی ئەم واتا نوێیە لای ئاخێوەرانی زمانی دایک، تاوەکو تەنها لە قاڵبی جیاوازیدا نەمێننەوە و بچنە ناو ناوەخنی زمانەکەوە. هەربۆیە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا سەرجەم ئەو واتا نوێیانەی پێکهاتە مۆرفۆسینتاکسییەکان بە تایبەتی و میتافۆڕ بە شێوەیەکی گشتی بە خشکەیی دەریدەبڕن لە ڕوانگەی نەخشەی (١)ەوە شیدەکرێنەوە:




**نەخشەی (١)**

**پەیوەندییە هەمبەرییەکانی (تاکگەرایی و هەڵکردن)**

ئەگەر بمانەوێت شیکردنەوەیەك بۆ نەخشەی (١) بکەین، کە وێنای پەیوەندییە هەمبەرییەکانی (تاکگەرایی و هەڵکردن)ی زمانین، ئەوا دەتوانین لە لوتکەی لای ڕاستی نەخشەکەوە دەست پێبکەین، کە (جیاوازی زمانی)یە، هەروەك لە تەوەرەی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا سەلمێنرا، کە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا دوو شێوازی قسەکردنی تەواو پەیکاڵ بوونی نییە، لەم ڕوانگەیەوە هەر تاکێك زمانی قسەکردنی جیاوازە لە زمانی قسەکردنی تاکێکی تر. بەمشێوەیە و لەم نەخشەیەدا تاکێك چەندێك جیاوازی زمانیی زیاتر بێت ئەوەندە تاکگەراییەکەشی بەهێز دەبێت، واتە جیاوازی زمانیی بەهێز دەبێتە هۆی تاکگەرایی بەهێز. لەم تێگەیشتنەوە، ئەگەر تاکێك جیاوازی زمانیی بەهێز بوو، ئەوا بە تاکگەراییە زمانییە بەهێزەکەی خۆی دەتوانێت وشەیەکی کۆنی زمانەکە، کە واتایەکی دیاریکراوی هەیە و کۆمەڵ ڕێککەتوون لە سەر بە واتایەکی نوێ بەکاربهێنێت. خۆ ئەگەر هاتوو ئەم

تاکە جیاوازییە زمانییەکەی هێندە بەهێز بوو و توانی ئەم وشەیە بەم واتا نوێیەوە (کە لێرەدا مەبەست واتا میتافۆڕییەکەیەتی) بگەیەنێتە کەسانی دەوروبەری خۆی و سەرجەم کۆمەڵەی ئاخێوەرانی و چینە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی ڕازیکرد بەوەی بەم وشەیە ئەو واتا نوێیەش بگەیەنرێت، ئەوا لێرەدا بە هۆی بەهێزی تاکگەراییە زمانییەکەیەوە و بە لە بەرچاوگرتنی (توخم و تەمەن و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی خۆی و بەرانبەرەکانی) توانیویەتی هەم واتایەکی نوێ بۆ ئەو وشەیە دابهێنێت و هەم ئەو وشەیە بەو واتا میتافۆڕیەشەوە لە ناو کۆمەڵەی ئاخێوەرانیدا (بڵاوبکاتەوە). لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێت، کە بڵاوبوونەوەی ئەو وشەیە بەو واتا نوێیە لەلای کەسانی تر و قبوڵکردنیان جارێکی تر بەڵگەیە لە سەر بەهێزی تاکگەرایی بەهێزی تاکی داهێنەری واتا نوێیەکە، واتە بڵاوبوونەوەی وشەکە بە واتا نوێیەکەیەوە جەخت لە سەر بەهێزی تاکگەرایی کەسی داهێنەری واتا نوێیەکە دەکاتەوە. پاش بڵاوبوونەوەی وشەکە بە واتا نوێیەکەیەوە لە ناو ئاخێوەرەکاندا، ئەو ئاخێوەرانە ڕێکدەکەون، کە لێرە بە دواوە ئەو وشەیە جگە لە واتا ئاساییەکەی ئەم واتا نوێیەش دەگەیەنێت. بەمەش بە هۆی جیاوازی زمانی تاکێکەوە ڕێککەوتنی زمانی لە نێوان کۆمەڵێك تاکی جیاوازدا هاتە کایەوە، لەم قۆناغەدا ئەو داهێنانە زمانییە چیدی هی تاکەکە نامێنێت دەبێتە موڵکی ئەو گروپە ئاخێوەرە. دواتر ئەم ڕێککەوتنە زمانییە سنوردارەی نێوان چەند ئاخێوەرێك بۆ واتا نوێیەکە زیاتر جەختی لێدەکرێتەوە ئەوکاتەی ئەم گروپە کۆمەڵایەتییە ئەم وشەیەیان بەکارهێنا بە واتا نوێیەکەیەوە لەگەڵ گروپێکی ئاخاوتنی تردا و گروپە ئاخاوتنەکەی تریش بە هەمان شێوە ڕێککەوتن لە سەر ئەوەی ئەم وشەیە ئەو واتا نوێیەش بەگەیەنێت. بەمەش لە نێوان ئەو دوو گروپە ئاخێوەرەدا و ئەوانی تریشدا هەڵکردنی زمانیی دێتەکایەوە و بە هۆیەوە پەیوەندیکردنن بە ئەنجام دەگەیەنن. لە ڕاستیدا چەندێك گروپی ئاخاوتنی تر لە ناو کۆمەڵگاکەدا بێتە پاڵ ئەم دوو گروپە ئاخاوتنە، ئەوەندە (جەختدەکرێتەوە) لە سەر هەڵکردنی زمانیی بەم واتا نوێیەی وشەکە. بەم شێوەیە گروپێکی کۆمەڵایەتی بچوك لە ناو خۆیاندا ڕێکدەکەون، کە وشەکە بە واتا نوێیەکەوە بەکاربهێنن و بەمەش بەکارهێنانی ئەو وشەیە بەو واتا نوێیە دەبێتە خاسیەتێکی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە بچوکە و پێیدەناسرێتەوە. بەمشێوەیە سەرجەم واتا میتافۆڕییەکانی زمان لە تاکێکی خاوەن تاکگەرایی زمانیی بەهێزەوە دادەکەوێت و دەچێتەوە ناو کۆمەڵگاوە. بەمەش تا جیاوازییە زمانییەکەی تاکەکە بەهێز بێت و زۆر بێت ئەوەندە داهێنانە زمانیەکەشی هەم زمانەوانی دەبێت و هەم قبوڵکراویش دەبێت لە لایەن ئەندامانی گروپە کۆمەڵایەتییەکەوە. واتە هەتا جیاوازییە زمانییەکە بەهێز بێت هەڵکردنە زمانییەکەش بەهێز دەبێت و دەشبێتە هۆی بەهێزبوونی ئەو هەڵکردنە کۆمەڵایەتییانەی بەم هەڵکردنە زمانییانە جێبەجێدەکرێن، کە بنەماکەیان بەهێزی جیاوازی زمانییەکان بووە. پاشان هەمان ئەم پرۆسەی شیکرایەوە لە مامەڵەکردنی گروپێکی کۆمەڵایەتی بچوك لەگەڵ گروپێی کۆمەڵایەتی بچوکی تردا دوبارە دەبێتەوە، تا ئەو کاتەی سەرجەم چینە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە تەواو دەبێت و هەڵکردنی تێدا شۆڕ دەبێتەوە بە هۆی ئەم جیاوازییە زمانییانەوە. لەم شیکردنانەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە بیسەلمێنین، هەتا جیاوازیی زمانیی لە زمانێکدا زۆر بێت پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێزتر دەبێت نەك بە پێچەوانەوە، هەربۆیە ئەم جیاوازییە زمانییانە دەبنە بنەمایەکی باشی یەکخستنی خودی جیاوازییە چینایەتی و زمانییەکانی کۆمەڵگاکەمان و بە ستانداردبونی زمانی دایکمان. بۆ چەسپاندنی ڕاستی شیکردنەوەکانی نەخشەکەش، لە واتای میتافۆڕیی ئەم وشانەی زمانی دایکمان وردببینەوە، کە هەر یەکێك لەو واتا میتافۆڕییانەی ئەم نمونانە سەرەتا لە جیاوازیی زمانیی بەهێزی تاکێکی ناو گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی کۆمەڵگاوە داکەوتووە و لە ئەنجامی ئەو پرۆسە هەمبەرییە بەهێزەی لە نێوان تاکگەرایی و هەڵکردندا هەیە بە زمان و ژیانی سەرجەم چین و توێژەکانی زمان و کۆمەڵگادا شۆڕبۆتەوە.

(٢٨)

+ [ دەفتەر] یێکت بەسە؟

− بەخوا سەد [ وەرقە] بەشم ناکات!

+ ئێ بە سەری تۆ لە سەد [ گەڵا] زیاتر پێمهەڵناسورێت، ئەگینا حەزم ئەکرد دوو [ بلۆك]ت بدەمێ.

ئێستا ئەگەر لە نمونەی (٢٨) وردببینەوە، دەبینین، کە هەریەکێك لە وشەکانی ناو کەوانە شکاوەکان جگە لە واتای ئاسایی خۆیان واتایەکی میتافۆڕیشان هەیە و لەم ئاخاوتنەدا ئەم واتا میتافۆڕییەیان لەکاردایە. لێرەدا تا ڕادەیەك ڕوونە، کە بە

کارهێنانی هەر یەکە لەو وشەکانی (دەفتەر، وەرقە، گەڵا، بلۆك) بە واتای برێکی دیاریکراو لە جۆرێکی دیاریکراو لە دراوی بیانی زیاتر شیانی ئەوەی لێدەکرێت، کە لە لایەن کەسێکی تاکگەرایی بەهێزی بازاڕی دراو گۆڕینەوەی کۆمەڵگای کوردییەوە هاتۆتە کایەوە و پاشان بە پرۆسەی پەیوەندییە هەمبەرییەکانی تاکگەرایی و هەڵکردندا ڕۆیشتووە و لە ئاکامدا هەڵکردنی کۆمەڵایەتی بەهێزی لێکەوتۆتەوە، بەڕادەیەك، کە بەکارهێنانی ئەم وشانە بەم واتا نوییانە نەك نامۆنین، بەڵکو لە ئێستادا بونەتە واتای باوی وشەکانی نمونەی (٢٨).

بەمشێوەیە نەخشەکە و شیکردنەوەکانی و نمونەکانیش ئەوە دەسەلمێنن، کە تا تاکگەرایی بەهێز بێت وشە میتافۆریەکان زێتر دەبن و تا میتافۆریەکانیش بەهێز بن توانای دەربڕینی ئاخێوەران زیاتر دەبێت. بەمەش پەیوەندیکردن ساناتر دەبێت و ئاخێوەران باشتر لە یەکتر تێدەگەن، بە هۆی ئەم تێگەیشتنەوە پەیوەندیکردن زیاتر دەبێت و هەڵکردنی کۆمەڵایەتی بەهێزتر دەبێت و دەبێتە بنەمایەك بۆ یەکگرتنی گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و کۆمەڵێکی یەکگرتووی زمان ستاندارد.

**٢/٢–٢) مەودا چاوەڕواننەکراوەکانی هەڵکردن بە وشە هەستدەربڕە زبرەکان:**

درێژبوونەوەی هەڵکردنی تاکەکان بۆ هەندێك مەودای چاوەڕواننەکراو بابەتێکی تری سەرنجڕاکێشی جیاوازییە زمانییەکانی زمانی کوردییە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە لە ئاخاوتنی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا بە (وشە هەستدەربڕ زبرەکان"جنێو")، کە مەودای داهێنانی زمانی و دەرخستنی جیاوازیی و تاکگەرایی تاك لە ترۆپکدایە و جۆرە توانایەك بە قسەکەر دەبەخشێت، کە بەهۆیەوە مەودای مانەوەی لە بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا زیاتر و زۆرتر دەهێڵێتەوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە هەمیشە بەریککەوتنە زمانییەکانی زمانی ئاخێوەران مەودای بەریەککەوتنە جەستەییەکانی هەمان ئاخێوەران کەمتر دەکاتەوە. واتە لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییە هەڵچوو و ناخۆش و ئاڵۆزەکاندا، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤەکان تێیدا بەرەو ئاڵۆزی و پچڕان دەچێت، ئەم وشە هەستدەربڕە زبرانە (بە ڕادە و ڕێژەی زبرێتی جیاوازی شیاو لەگەڵ هەڵچوویی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەدا) لە لایەن ئاخێوەرانەوە بەکاردێن و بەهۆیانەوە بەردەوامی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ساردبۆوەکان دەدرێت. بێگومان سەرکەوتنی ئاخێوەر لەم بوارەشدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاچ ڕادەیەك شارەزایە لەمجۆرە وشانەدا و لە چۆنیەتی بەرزبوونەوەی ڕێژەی زبرێتی تێیاندا هەمبەر بە زبرێتی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ نموونە هەموو قسەپێکەرانی زمانی کوردی، کە زمانی کوردی زمانی یەکەمییانە (زمانی دایکییانە) و لە کۆمەڵگای کوردەواریدا پەروەردە بون، زۆر بە شێوەیەکی ئاسان درك بەوە دەکەن، کە ئەم دەربڕاوانەی خوارەوە لە کوێدا بەکاربهێنێت:

نموونەی (٢٩):

أ– بێ دەنگ بە و دەمت دابخە.

ب– ئیحترامی خۆت ڕابگرە.

ت– لەوە زیاتر مەڕۆ و بزانە قسە لەگەڵ کێ دەکەی!

پ– هەموو کەس لە شەرواڵی خۆیدا پیاوە، ها!

ج– لێت قبوڵ ناکەم!

ح– کورە! دە برۆ هەی ناپیاوی و هیچ و پوچی.....هتد

ئەگەر لەم ڕستانەی سەرەوە وردبیینەوە، ئەوا دەبینین، کە تا ڕادەیەك سێ ڕستەی یەکەمیان (ا و ب و ت) لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی ئاسایی یان تاڕادەیەك ئاسایی بەکاردێن و سێ ڕستەی (پ و ج و ح)یش لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی هەڵچودا بەکاردەهێنرێن. ئەمە جگە لەوەی، کە هەر ڕستەی (٢٩ا) لە خۆیدا دەتوانرێت بە چەندین جۆری جیاواز واتای ڕێژە جیاوازی زبرێتی پێ دەربڕدرێت، هەروەك لە نموونەی (٣٠)دا دیارە:

(٣٠)

ا– بێ دەنگ بە.

ب– ئەوەندە مەڵێ.

ت–چەقەبازی.

پ– نەڕەنەڕە/شاتەشات.

ج– لەوچە لەوچ.

ح– کەرە کەر !! و .......هتد.

لە ڕوانگەی شیکردنەوەی تانوپۆی بابەتی جیاوازییە زمانییەکانەوە پەیوەست بە چێوەی (تاکگەرایی و هەڵکردن)ەوە لە ناو ژیانی کۆمەڵ و ژیانی زمانیی تاکەکاندا، بۆماندەردەکەوێت، کە تەنها هەڵکردن بنەمای گونجاندن نییە، بەڵکو جیاوازیش (تاکگەرایش) بنەمایەکی تری ئەم پڕۆسەیە. هەربۆیە تاکەکان بەردەوام لە گونجاندنی ئەم دوو ئاڕاستە جیاوازەدان، بەو ئومێدەی لە مەترسییەکانی جیاوازبوون و لەزەتەکانی هەڵکردن، گوشراوی ژیانیی بەرهەم بهێنن. لە کۆتایشدا دەوڵەمەندبوون و فراوانبوونی هەردوو ئاڕاستەکە دەچێتە خانەی خزمەت بە دایکە زمان و چۆنیەتی ئاڕاستەکردنی لە پڕۆسەی بە ستانداردکردنیدا.

## ئەنجام

لە شیکردنەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە دەگەینە ئەوەی، کە:

١. هەڵکردنە زمانیی و جیاوازییە زمانییەکان پێکەوە دەتوانن پڕۆسەیەکی پەیوەندیکردنی گونجاو بڕەخسێنن.
٢. بوونی ئەم جیاوازییە زمانییانە نەك هەر مەترسیی نین بۆ سەر دروستبوونی زمانی ستاندارد، بەڵکو فراوانبونی توانای دەربڕین بە زمانی دایك دەبەخشن، تاوەکو لە پڕۆسەی بەستاندارکردنی زمانی دایکدا پێویستمان بە زمانی بێگانە نەبێت.
٣. جیاوازییە زمانییەکان تەنها ئەرکی پەیوەندیکردن و فراوانکردنی توانای دەربڕین بۆ زمانی دایك نارەخسێنن، بەڵکو دەشتوانن دەستێکی نەرمونیان بن بۆ هێورکردنەوەی هەڵچوون و خەمۆکییە دەروونییەکانی ئاخێوەران لە ڕێگەی دیاردەکانی جیاوازی زمانیی وەك (گەمەی زمانیی و گۆڕانی و مەتەڵ و میتافۆر و ...هتد).
٤. سەرجەم داهێنانە زمانییەکانی بە هۆی جیاوازی زمانیی تاکەکانەوە دێنە بوون لە سەر بنەمای هاوتابوون و هەمبەربوونی (تاکگەرایی) تاکەکان و (هەڵکردنی) لەگەڵ تاکەکانی تردا بلاۆدەبێتەوە و جەختی لێدەکرێتەوە. ئەمەش بنەمای پێکهێنانی گروپە کۆمەڵایەتی بچووکەکان و دواتریش سەرجەم کۆمەڵگاکەیە.
٥. زمانی دایك تەنها کاتێك دەتوانێت هەنگاو بەرەو ستانداردبوون بهاوێژێت، کە جیاوازییە زمانییەکانی ئەوەندە زۆربن، کە بتوانێت هەم دەربڕی سەرجەم چەپاندنە مرۆییەکانی ئەندامەکانی بێت و هەم بۆ دەربڕینیش پێویستی بە فەرهەنگ و ڕێزمانی زمانی بێگانە نەبێت.

## پەراوێزەکان

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بڕیاری تەرخانکردنی رۆژی (٢/٢١)ی هەموو ساڵێك وەك (ڕۆژی زمانی دایك) و هۆکارەکانی و چۆنیەتی تێگەیشتنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تەرخانکردنی ئەم ڕۆژە، بڕوانە:

أ) الامم المتحدة، الجمعية العامة، تعدد اللغات، الدورة (٦١)، بند ١١٤، ٢٠٠٧.

ب) ماڵپەڕی /http://www.un.org/Depts/dhl/language

ت) ماڵپەڕی /http://www.un.org/en/events/motherlanguageday

[2] زاراوەی (فرەدیالێکتی و ئەکسێنتی "Polyglottism ") زیاتر وەك ئەو چەمکە مامەڵەکراوە، کە بریتی بێت لە گەشەسەندنی توانست لە زمانی ڕەسەندا، تاوەکو وەك دامەزراوەیەکی لێهاتویی خزمەت بکات، کە دواتر بتوانرێت بگوازرێتەوە بۆ زمانی دوهەم. بە واتایەکی تر کەسی شارەزا لە دیالێکتە جۆر بە جۆرەکانی زمانە ڕەسەنەکەی خۆیدا دەبێتە شارەزا لە خودی زمانە ڕەسەنەکەیدا، بە ڕادەیەك، کە دەتوانرێت پێی بگوترێت کەسێکی فرە دیالێکتە/فرە ئەکسێنتە. خۆ ئەگەر بێتو ئەو کەسە ئەم توانستە زمانەوانییەی تێدا بەرجەستە بوو، ئەوا زۆر ئاسانتر دەتوانرێت فێری زمانێکی تریش ببێت جگە لە زمانە ڕەسەنەکەی خۆی. بەمەش قسەکەرە فرە دیالێکتەکە/ فرە ئەکسێنتە سەرکەوتووەکان ساناتر دەتوان فێری زمانی دوهەم و سێهەم بن و ببنە فرەزمان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

ا/ Huebner, T. (1996:42-44)

ب/ Oha, A., C., Uwajeh, M., J., Omolara, I. and Iyere, T., (2010 :67-72)

[3] زاراوەی فرەزمان ئاماژە بە ڕوداوێك دەدات بە لەبەرچاو گرتنی قسەكەرێكی تاك، كە دوو زمان یان زیاتر لە دوو زمان بەكاردێنێت، یاخود زۆرجار زاراوەی فرەزمان ئاماژە دەدات بە كۆمەڵگە ئاخاوتنییەكان، كە تێیدا دوو زمان یان زیاتر قسەی پێدەكرێت یاخود ئاماژە دەدات بەو كۆمەڵگایانەی، كە لە نێوان قسەپێكەرانی زمانە جیاوازەكاندا قسەی پێدەكرێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

Llamas, C., Mullany, L. and Stockwell, P. (2007:110-113)

[4] زاراوەی (ئایدۆلێكت" idiolect ") بە شێوەیەكی زۆر بەهێز لە نوسینی ئەدەبیدا دەبینرێتەوە وەك هێمایەك بۆ شێوازی نوسینی نوسەرەكە، هەندێك لە كۆزمانەوانەكان پێناسەیەكی وردتر بە زاراوەكە دەبەخشن و پێیانوایە، كە ئاماژە دەدات بە خووە باوەكانی قسەكردن لە ئاخاوتنی هەر قسەكەرێكی ئەو دیالێكتەدا. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

ا/ Meyerhoff, M. (2006:14-18)

ب/ Marshall, J. (2004:107-110)

[5] بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستی نەبونی دوو شێوازی قسەكردنی نموونەیی لە نێوان دوو تاكدا بە پێی ئەو لێكۆڵینەوانەی زانستی زمانی كۆمەڵایەتی كردویەتی، بڕوانە: Holtgraves, T. (2002)

[6] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بۆچوونەكانی قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە) لە سەر داهێنەری ئاوەزی مرۆڤ، بڕوانە:

ا/ محمد مەحوی (٢٠٠١)

ب/ كاروان عمر قادر (٢٠١٢ا)

[7] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم بۆچوونەی زانستی زمانی دركپێكردن چ لە زانستی زمانی گشتیدا چ لە زانستی زمانی كوردیدا، بڕوانە: كاروان عمر قادر (٢٠١٢ب)

[8] قوتابخانەی كۆزمانەوانی دركپێكردن" Cognitive Sociolinguistics " دوای سەرهەڵدانی (زانستی زمانی دركپێكردن) هاتەكایەوە، چونكە دوا بە دوای (زانستی زمانی دركپێكردن) سەرجەم بوار و بابەت و زانستە زمانییە جیاوازەكان جارێكی تر و لە ژێر ڕۆشنایی زانستی زمانی دركپێكردندا لێكۆڵینەوەی تێداكراوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

Well, P. , J. and Zolyan, s. (2011:45-123)

[9] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم تیۆرییە و چەند و چوونەكانی لە زانستی زمانی گشتیدا، بڕوانە:

Hudson, R., A. (1996:10-13)

[10] ئەگەرچی خستنەڕووی لێكچوونی دیاردە ڕێزمانییەكانی نێوان هەرسێ دیالێكتەكەی زمانی كوردی بابەتی ئەم سەرەكی ئەم لێكۆڵینەوەیە نییە، بەڵام بە مەبەستی زیاتر پاساودان دەتوانرێت سود ببینرێت لەم سەرچاوەیە و ئەو سەرچاوە و شیكردنەوانەش، كە لەو سەرچاوەیەدا پێشكەشكراوە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥)

[11] بۆ زانیاری زیاتر لە كەرەستە مۆرفۆسینتاكسییەكان لە نێوان ئەم دوو دیالێكتەی زمانەكەماندا، بڕوانە:

فەرەیدون عەبدول محمد و أبوبكر عمر قادر (٢٠١٠: ١٢٣–١٥١).

[12] شایانی تێبینكردنە، كە هەمان دیاردەش لە زمانی ئینگلیزیدا بە ڕوونی بەرچاو دەكەوێت و لە سیستەمی كردارەكانیاندا زۆر زیاتر لە زمانی كوردی ژمارەیەكی بەرچاو لە كرداری شازیان هەیە، كە لە كاتی گەردانكردنیان لە ڕابردووەوە بۆ ڕانەبردوو (ئێستا و داهاتوو) فۆرمەكانیان دەگۆڕێت و وەك ئاڵۆزییەكی بێ كۆتا دەردەكەوێت بۆ ئەو كەسانەی دەیانەوێت فێری زمانی ئینگلیزی ببن وەك زمانی دوهەم، بەڵام بۆ قسەپێكەرانی ڕەسەنی زمانی ئینگلیزی ئەمانە ئاڵۆزی نین و توانای دەربڕین زیاتر دەكەن. بۆ زیانیاری زیاتر بڕوانە:

a / Quirk, R., Greenbaum, S., Leech, G. and Svartvik, J. (1985).

b/ Plag, I. (2002)

[13] بە مەبەستی زیاتر ئاشانا بوون بە دیاردەی ( تابوو ) چ لە زمانەوانیدا و چ لە زانستی زمانی كۆمەڵایەتی زمانی كوردیدا، بڕوانە:

ا/ محمود السعران (١٩٥٨: ٧٦–٨٠)

ب/ شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١).

## سەرچاوەكان

یەكەم// بە زمانی كوردی:


١. شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١)، تابۆ وەك نمونەیەكی پەیوەندی زمان و كلتور ، نامەی دكتۆرا (بڵاونەكراوە)، كۆلێجی زمان، زانكۆی سلێمانی.

٢. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥)، دروستەی فرێز لە زمانی كوردیدا، نامەی ماجستێر، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.

٣. فەرەیدون عەبدول محمد و أبوبكر عمر قادر (٢٠١٠)، كەرەسە مۆرفۆسینتاكسییەكان لە كرمانجی ناوەڕاست و كرمانجی ژووروودا، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە (٢٧)، سلێمانی.

٤. كاروان عمر قادر، (٢٠١٢ب)، سیستەمی دركپێكردن وەك بنەمایەكی ڕێزمانی كوردی، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی ، بەشی B، ژمارە (٣٤)، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.

٥. کاروان عومەر قادر (٢٠١٢)، فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست)، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بلأوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٦. محەمەدی مەحویی(٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانیی.

دوهەم// بەزمانی عەرەبی:

١. الامم المتحدة، الجمعية العامة، تعدد اللغات، الدورة (٦١)، بند ١١٤، ٢٠٠٧.

٢. محمودالسعران(١٩٥٨)، اللغة و المجتمع(رأى و منهج)، المطبعة الاهلية، بنغازى، ليبيا.

سێهەم// بە زمانی ئینگلیزی:

1. Huebner, T. (1996), Sociolinguistics Perspective, Oxford University Press.
2. Oha, A., C., Uwajeh, M., J., Omolara, I. and Iyere, T., (2010), Introduction to Sociolinguistics, Published by National University of Nigeria.
3. Hudson, R., A. (1996), Sociolinguistics, second edition Cambridge University Press
4. Llamas, C., Mullany, L. and Stockwell, P. (2007), The Routledge Companion to Sociolinguistics, Routledge, London and New York.
5. Marshall, J. (2004), Language Change and Sociolinguistics, Published by Palgrave Macmilian.
6. Meyerhoff, M. (2006), Introducing Sociolinguistics, Routledge, London and New York.
7. Holtgraves, T. (2002), Language as Social Action: Social Psychology and Language Use, Lawrence Erlbaum Associates, Publishers
8. Well, P. J. and Zolyan, s. (2011), Higher Linguistic Education from the Perspective of Reforms: New Approaches, Prospects, and Challenges, UNESCO-CEPES, Studies on Science and Culture.
9. Quirk, R., Greenbaum, S., Leech, G. and Svartvik, J. (1985), A Comprehensive Grammar Of The English Language , Published by Longman.
10. Plag, I. (2002), Word-formation in English, Cambridge University Press.

**چوارەم// ماڵپەری ئەلیکترۆنی:**

1. http://www.un.org/Depts/dhl/language/
2. http://www.un.org/en/events/motherlanguageday/



## الخلاصة

هذا البحث مُسمى بـ(( تأثير الاختلاف اللغوية في معيارية اللغة الأُم))، تحليلٌ علمي للتحقيق في الحقيقة التعددية اللهجية في لغتنا الأُم (اللغة الكردية)، كما أن البحث هو تحليلٌ في علم اللغة الاجتماعي و ذالك لتمثيل التعددات اللهجية في اللغة الكردية و للآن هذا الرُكن أساسي في عملية تواصل و أكتساب اللغة القومية. نظريات هذا البحث منقى من الاتجاهات النظرية ( الاجتماعية/ التطابق اللغوي و الفردية "Conformity and Individuality") في (علم االلغة الاجتماعي)، و كما حاول البحث تطبيق هذه النظرية في (النظام الفعل و مورفوسينتاكس) و ( القياس مدى الاجتماعية الافراد من خلال كلمات تابو/ كلام المحظور). لغرض الانعكاس المنهجية البحث في الجوهر البحث قسمنا البحث الى فصلين، تداولنا في الفصل الاول تحليل (الفردية و الشخصية الفردية) و (الاسباب التعدد اللهجة و االكنة في اللغة الأُم)، أما في الفصل الثاني أسهبنا في الشرح و التطبيق (التوازن ما بين مطابقة اللغوية و التعدد اللهجية و اللكنة) و (تطبيق عملي للأتساع كفأة اللغوية). و في ختام أهم النتائج التي وصل اليها البحث.



## Abstract

The research labeled "The Effect of Language Variation in the Standardization of Mother Tongue" is a descriptive analysis to represent the language variation of mother tongue (Kurdish Language), also it is Sociolinguistics analysis to imagination language varieties of Kurdish language as strong principle of communication process and the standardization of our mother tongue. This research analyzes purified from theoretical trends "Conformity and Individuality" in Sociolinguistics, also we try to apply this theoretical background on the Metaphorical of "Verb System and Morphosyntactic Component" and "The scope of individualities Conformity through the Taboo words". The research divided on two chapters; in the first chapter represent the "Individuality Concept" and "Causes of Language Variation", while the second chapter is analyses of "Balance between Language Conformity and Language Varieties" and "a practical application of the scope of Language ability". At end of the research display the most important conclusion.